# ناوچەی کورد

## هەڵسەنگاندنێکی ژیئۆپۆلیتیکی، ژیئۆستراتیژیکی




**میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ**

**وەرگێڕ: مەنسور سدقی**

**٢٠١٦**

# ناوچەی کورد

## هەڵسەنگاندنێکی ژیئۆپۆلیتیکی، ژیئۆستراتیژیکی

میخاییل سیمۆنویچ لازاریڤ
وەرگێڕ: مەنسور سدقی

٢٠١٦

**تێبینی وەرگێر**

دەقی رووسی ئەو بابەتەی پرۆفیسۆر میخاییل لازاریف لە پەڕتووکی "خۆیندنەوەی لازاریف" لاپەڕەکانی ٦٥ تا ٧١ وەرگیراوە.

لە ژیانی ئاکادێمیکی رووسیا نەریتێک بۆتە باو بۆ رێزگرتن لە کەسایەتییە زانستییە پایەبەرزەکانی ئاکادێمیک کە خزمەتی بەرچاوییان بە پێشکەوتنی زانستی لە بوارە جیاوازەکان کردەوە. بەپێی ئەو نەریتە، ساڵانە و یان چەند ساڵ جارێک و بەردەوام، کۆنفرانس و کۆبوونەوەی زانستی بەناوی "خوێندنەوە"ی ئەو زانایانە دەبسترێ.

"خوێندنەوەی لازاریف" لە ٢٦ی مای ساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆنفرانس پاش مەرگی[1] ئەو زانا بەلیمەتەیە بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی و بۆ بەرز راگرتنی یاد و رێز لێنانی کە لە لایەن بەشی کوردناسی و کێشە ناوچەییەکانی سەر بە ناوەندی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست و هاوکاران و قوتابیانی بەڕیوە چووە و پاشانیش چەند وتارێکی میخاییل لازاریف لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش کرابوون وەک بەرهەمی یەکەم "خوێندنەوەی لازاریف" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

---

[1] لە ٧ی مارچی ٢٠١٠ کۆچیدووایی کرد. -. وەرگێر.

## ناوچەی کورد

"ناوچەی کورد" ئەو بەشە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (واتە ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست) دەگرێتەوە کە لە پانتاییەکی بەرفراوانی سنوورە هەنووکەییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا کورد بەپرانی تێدا دەژی.

لە تۆپۆنۆمی[2] ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاستدا کە لە تەواوی نەخشەکانی ڕۆژاوای کیشوەری ئاسیادا ئاماژەی پێکراوە، واتای "ناوچەی کورد" هێشتا نەبۆتە فەرمی، بەڵام بێگۆمان ئەو واتایە لە بەشێکی دیاری ئۆنۆماسیۆلۆژی[3] و بەتایبەت بەشێوەیەکی یاسامەند لەو بەشەیدا کە لەگەڵ خاکی مێژوویی کورد و نەریتی مێژوویی کورد پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە، جێدەگرێ. "ناوچەی کورد" ئاڕاستەیەکی دیاری ئێتنۆگرفی لەخۆ دەگرێ کە لەدرێژەی ئەو بابەتەدا، بەپێی ئەو ئاڕاستەیە باسی دەکەین.

لەواتای ئاساییدا "ناوچەی کورد" بە کوردستان دەناسرێ کە وەرگێرانی وشە بە وەشەی لە زمانی فارسیدا، مانای "وڵاتی کوردان"

---

[2] Toponomy "ناوناسی شوێن" بەشێکە لە زانستی ئۆنۆماستیک Onomasticsk کە لە سەرچاوە و مێژووی ناوەکانی جوگرافی دەکۆڵێتەوە. ویکیپێدیا-.وەرگێر.

[3] Onomasiology زانستی سەبارەت بە ناو. ویکیپێدیا-.وەرگێر.

دەدات. بەڵام بەکارهێنانی واتای جوگرافی"ستان"، وەک "وڵات" لە نووسراوەکاندا زۆر باو نییە و بەمانای زۆر جیاواز و جوراجور بەکار هاتووە.

حاشا هەڵنەگرە کە واتای "وڵات"، ناوەڕۆکی ئێتنۆدێمۆگرافیک لێرەدا لەخۆ بگرێ، کاتێک زۆربەی ڕەهای ئەو ئاپۆڕای لەسەر خاکی دێرین خۆیاندا هەمیشە ژیاون و یان زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لە هێندێک لە ناوچە ئیدارییە دابەشکرواەکانی دیکەیدا دەژین، تەنیا و تەنیا ئتنۆسی کوردن و نە کەسی دیکە. بۆیە واتای "کوردستان" هەم لە نووسراو زانستییە تایبەتەکان و هەم لە بابەتە ئاسایی و گشتییەکاندا ئاماژەیە بۆ ناوچەی کورد.

بۆ یەکەمجار وشەی "کوردستان" لە سەدەی ١٢ بەکار هاتووە، بەڵام تەنیا هێندێک ناوچەی گرتووتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی فیۆدالەکان بووە و بەشێک لە دانیشتووانی کورد بوون. لەنووسراوەکان سەدەی ١٤دا بەپرانی ئاماژە بە کوردستان کراوە. لەسەدەکانی ١٦ تا ١٧ کاتێک ئەو ناوچەیە لەنێوان ئیمپراتوریای عۆسمانی و ئێران دابەش دەبێ و هەروەها پاش شەڕەی یەکەمی جیهانی کاتێک بۆ دووەمجار لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا دەبێتە چوارپارچە، دیسان ناوی کوردستان دەبیندرێ. لەساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠دا دوو پارچەکەی سووریا و عێراق لەژێر سەرپەرشتی (لەڕاستیدا کۆلۆنیالی) بریتانیا و فەڕانسادا بوون.

لەسەردەمی مودێرندا کوردستان بریتییە لەو ناوچانەی نێوان تورکیا. ئێران، عێراق و سووریا کە پانتاییەکەی ٣٤ تا ٤٠ پلەی پانایی

جوگرافی و ٣٨ تا ٤٨ پلەی درێژایی جوگرافی دەگرێتەوە. رووبەری کوردستان پتر لە ٤٥٠ هەزار کم. چوارگۆشەیە: ٢٣٠ هەزار کم. چوارگۆشە لە تورکیا، ١٢٥ هەزار کم. چوارگۆشە لە ئێران، ٨٠ هەزار کم. چوارگۆشە لە عێراق و ١٥ هەزا کم. چوارگۆشە لە سووریا. ئەم وڵاتە پێی دەگۆتری کوردستان، بێ ئاماژەیەکی دیار و تەواوحقوقی سەبارەت بە پێکهاتە ئێتنیکییەکانی و سنوورەکانیان بەپێی قەوارە دانپێنراوە نێونەتەوەییەکان کە بەروونی و بەفەرمی شوێنی نیشتەجێبوونی پێکهاتەکان لەنەخشە سەلمێنراوەکاندا دیاری دەکات.

نەبوونی پێوەرێکی رێکوپێکی سنوورەکان رێگامان پێ نادات تا رووبەری تەواوی ئەو وڵاتە دیاری بکەین و لەگەڵ رووبەری هێندێک لە وڵاتانی مەزنی ئورووپی وەک فەڕانسا (٥٥٠ کم. دووجێ) و یان ئیسپانیا (٥٠٠ کم. دووجێ) مەزەندەی بکەین. ئەوە لە کاتیکدایە کە پانتایی راستەقینەی بەربڵاویی ئاپۆرای کورد بە لەپێشچاوگرتنی بەشە دوورخراوە و کۆچکردووەکانی، گەلێک زورتر لەم رووبەرە ئاماژەپێکراوە دەبی. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، قەبارەی ئەو ناوچانەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا کە ئاپۆرای کوردی بەپرانی لەخۆ گرتووە، ئەوەندە فراوانە کە دەکرێ وەک ناوچەیەک جیاواز هەژمار بکرێ.

کەوابوو، بەهۆی هێندێک ناروونی لە خۆدی ناوی "کوردستان"دا پێویستە هێندێک بنەمای راست و درۆست بۆ شوێنگە و نیشانە جوگرافییەکانی پەرشوبڵاویی کۆی سەرەکی ئیتنۆسی کورد چ لەپانتایی مێژووییدا و چ لە هەلومەرجی هەنووکەیی ژیئۆپۆلیتیکی ناوچەی رۆژاوای ئاسیادا بەرجەستە بکرێنەوە، بەکورتی پێناسەیەکی

لەرووی زانستی سەلمێنەر و لەرووی حقوقی بابەتیانە، سەبارەت بە شوێنی کوردستانی مێژوویی و مودێرن پێویستە. بەڵام سازدان و پێکهێنانی پێوەرگەلێکی نکۆلی لێنەکراو و جێگای رەزامەندیی هەمەلایەن، ئەوەیش لەبارەی پرسێک کە تەنیا بواری پێناسەیی و واتایی دەگرێتەوە، لەم بارودۆخە هەنووکییەدا کە شڵەژاوە ئاسایی‌ترین بۆچوونەکان بەسیاسی دەکرێن، رووبەڕوی گەلێک دژواری دەبێتەوە.

هۆکاری ئەو دژواریانە لەپلەی یەکەمدا نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردە. کاتێک ناوچە سنوورییە پەراویزخراوەکانی باشووری رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی تورکیا و ناوچە روژاواییەکانی ئێران و ناوچەکانی باکووری عێراق و باکووری سوریا کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردن، بە کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران، کوردستانی عێراق و "کوردستانی سووریا" (بەهۆی کەمبوونی پانتاییەکەی کەمتر باس دەکرێ) پێناسە دەکرێن، ئیتر ریگامان پێ نادات تا "کوردستان" وەک دەوڵەتێکی هێشتا پێکنەهاتووش پێناسە بکەین. بەڵام کورد بۆخۆی بەدەگمەن و بەهەڵکەوت ئەو جیاوازییە دەکات و ئەوە بە دیاردەیەکی کاتی و رواڵەتی و وەک سووکایەتیکردن بە پیرۆزییە نەتەوەییەکانی خۆی دەزانی.

کەوابوو، دەکرێ "ناوچەی کورد" یان کوردستان، بەلانی کەم وەک یەکەگەلێکی ئیداریی ئەو وڵاتە ئاماژەپێکراوانە بناسین کە زۆربەی ئاپۆڕای کوردن و سەرجەمیان لەرووی ئەتنیکییەوە یەکەیەکی

یەکگرتوو و لێکنەپچراویان پێکهێناوە، بەڵام ناوچەکەیان لەرووی نەخشە جوگرافییەکانەوە بەشێوەیەکی فەرمی پێناسە نەکراوە. لێرەدا کوردانی "ئێنکلاو"[4]ی رۆژهەڵاتی نزیک هەژمار نەکراون، بۆ نموونە ئەوانەی کە لە هەرێمی خوراسان و کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت (کۆمارەکانی باشووری قەفقاز و تورکمەنستان) و باشووری رۆژاوای تورکیا و کەنارەکانی دەریای رەش دەژین کە یان بەزۆر راگوازراون و یان بەهۆی بارودوخی ئابووری کوچیان کردووە و لەرووی شوێنی نیشتەجێبوون لە لانکەی یەککگرتنەوەی نەتەوەیی کورد و خاکی نیشتمانی کەوناری کورد دوورکەوتوونەوە و هەروەها کوردانی ئەوپەڕی قافقاز، رووسیا، شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دیاسپۆری کورد لە ئورووپا و ئەمریکا.

بەڵام هەموو کوردانی "نەکوردستانی" بەڕاستی بەرامبەر بە گشت ئەو رووداوانەی پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە هەستیارییەکی فراوان لەخۆ پێشان دەدەن و وەک ئەرکێکی خوێنی و نەتەوەیی چاوی لێدەکەن. ئەوەش دەکری وەک هەستی یەهوودیان جیهان بەرامبەر بە ئیسراییل و کێشەکانی بەراورد بکەین.

لیرەدا لەوانەیە گۆنجاو نەبێت تەنیا بە تاقە پێوەرێکی جوگرافی روالەتی پشت ببەستین، ئەویش کاتێک ئەو پێوەرە تەنیا جوگرافیای

[4] Enklave بە خەڵکانی ئەو ناوچانە دەڵێن کە ناوچەکەیان لە خاکی وڵاتەکەیان دوور کەوتوونەوە و پەیوەندی ویشاکنیان نییە، وەک خەڵکانی: ئالاسکا بۆ ئەمریکا، نەخجەوان بۆ ئازەربایجان و هتد. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

سروشتی (تایبەتمەندیی ئۆرۆگرافی[5]ییەکان: کەند و لەندە شاخاوییەکانی وڵاتی کوردان، هیدرۆگرافی[6]، کەشوهەوا و هتد.) و جوگرافیای سیاسی دەگرێتەوە، چۆنکو ئەو پێوەرانە دەتوانن لە قەبارە و پانتاییتردا تایبەتمەندیی ناوچەی دیکەی هەسارەی زەویش بن. بۆیە روخسارێکی داڕێژراوی زانستی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بواری کۆمەڵایەتی-ئابووری و کۆمەڵایەتی-سیاسی ناوچەی کورد، پتر بەرهەمدار دەبێ.

باشترە بنەمای لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر واقیعی سیاسی هەنووکەیی دابمەزرێنین، بەم پێیە دەتوانین دیاردەی "ناوچەی کورد" بەربڵاوتر و پەلکێشی پانتاییەکی بەرفراوانتر بکەین لەو چوارچێوەیەی لەسەروو ئاماژەی پێکرا و ڕادەیەکی کەمی "ناوچەی کورد" دگرێتەوە کە دەکەوێتە سنوورە تێکچڕژاوەکانی دەوڵەتانی دابەشکەری کوردستانی ئێتنۆگرافی. بە واتایەکی دیکە، دەکرێ بەشێکی بەرچاوی باشووری رۆژاوای ئاسیا تێکەڵی ناوچەی کورد بکەیەن، چۆنکو پرسی کورد بۆتە فاکتەری سەرەکی سیاسەتە دەرەکی و ناوخۆییەکانی نزیک بە تەواوی وڵاتانی ئەو ناوچەیە (جگە لە ئەفغانستان و وڵاتانی

---

[5] Orography یان Morphometrics، بەشێکن لە زانستی ژیئۆمۆرفۆلۆژی و جوگرافی سروشتی کە بەپێی بیچمی دەرەکیان، پلەبەندی کەند و لەندی زەوی دەکەن. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

[6] Hydrography بەشێکە لە "زانستی بەکاربراو" کە لە قەبارە و تایبەتمەندییە سروشتییەکانی زەریا، دەریا ، دەریاچە و رووبارەکان و هتد. دەکۆڵیتەوە. ویکیپێدیا. - .وەرگێر.

نیمچە دۆرگەی عەڕەبستان[7]. بەو بەرفراون بوونەوەیەی "ناوچەی کورد"، ململانی هەمەلایەنەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئورووپا (رووسیا، باشووری قافقاز و تەنانەت بەشێک لە نێوەڕاستی ئاسیا) دەکەوێتە نێو مەودا و کاردانەوەی ئەو پرسەوە، ئیتر باسی وڵاتانی رۆژاوا، یاریکەرانی سەرەکی "مەیدانی شەترەنجی جیهانی" ناکەین. واتە، ناوچەی کورد بە پێوەری ژیئۆپۆلۆتیکی، شوێنێکی گەلێک بەرچاوی لە گشت بوارە هەستیارەکانی سیستەمی ژیانی نێونەتەوەیی ئەم سەردەمەی بۆخۆی تەرخانکردووە.

هەروەها لە بواری پەیوەندییە ژیئۆئێکۆنۆمیکییەکانیشدا ناوچەی کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەپێی ئەو سەرچاوە نەوتییە بێوێنەیەی هەیەتی (گازیشی بەدوادا دێت)، ناوچەی کورد سەرەکی‌ترین پاشکۆی سۆتەمەنی هیدرۆکاربۆنی رۆژهەڵاتی نزیکی لەخۆ گرتووە. بەهۆی تێچووی کەمی بۆ دەرهێنانی (هەڵکەوتەی کەندە نەوتییەکانی گەلێک لەبارن)، جەشنی بەرزی نەوتەکەی و هەڵکەوتەی شوێنی چاڵاوەکانی کە تێچووی گواستنەوەکەی زۆر کەمتر دەکات، نەوتی کوردستانی گەلێک گرانبەها کردووە. کەوابوو، بەهەموو پێوەرەکان دەتوانین کوردستان وەک "ناوچەی نەوتی" پێناسە بکەین.

و لە کۆتاییدا، هەروەها کوردستان بریتییە لە ناوچەیەکی تایبەت لەبواری ژیئۆستڕاتێژیکەوە. ئەوەش بەهۆی جێگرتنی لەنێو جەرگە و

---

[7] لەم دووایيانەدا بۆ ئەوانەش ئەگەر ئێستا نەبووبێتە پرسی سەرەک، بەلانیکەم بووتە پرسێکی گرێنگ. -.وەرگێر.

نێوەڕاستی ئەو وڵاتانەی کە ئاپۆرایەکی مەزنی کورد تێیدا دەژین و بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەوڵدەدەن و مەیدانێکی هەمیشەیی ململانی پێکهێناوە کە دەکرێ وەک "بەرەی ناوخۆیی" خەبات لەپێناو سەربەخۆیی چاوی لێبکەین. ئەوەش بەستێنێکی لەباری بۆ نێودەوڵەتی کردنی پرسی کورد و دەستێوەردانی گەلێک یاریکەر لەئاست جیهان و رۆژهەڵاتی نزیک ئامادە کردووە کە دەتوانێ بۆ کوردان ئەنجامی پێشبینی نەکراوی لێ بکەوێتەوە، و مەرج نییە ئەو ئەنجامانە نەرێنی بن، بەڵکوو دەتوانێ ئەرێنیش بێ، وەک لە باشووری کوردستان (عێراق) روویدا.

بەم شێوەیە، بەپێی گشت پارادیمە[8] مودێرن و بنەڕەتییەکانی، تەواوی کوردستان دەتوانێ لەسەر نەخشەی جوگرافی رۆژاوای ئاسیادا ناوچەیەکی پڕبەپێست و جیاواز بۆخۆی دەستەبەر بکات. بۆ ئەمەش ئاپۆرای پڕ هەژماری کە زۆربەی هەرە زۆریان لەیەک نەتەوەی کوردن (پتر لە ٣٠ میلیون) و هەروەها ژێرخانە سروشتییە دەوڵەمەندەکەی و پەیوەندییە دارێژراوە فرە ئاڕاستە و لەمێژینەکانی لەگەڵ دۆنیای دەرەوە، یارمەتیدەر دەبن. ناوچەی کورد گەلێک فرەلایەنە، بە نەبوونی رێرەی دەریایی، بە پانتاییەکی بەرفراوانی کەند و لەندە شاخاوییەکەی، بە کەشوهەوایەکی تەواوقارەیی[9] و داکشانی لەناکاوی پلەی گەرما، بە هاوینی زۆر گەرم و زستانی پڕ لە بەفر کە

---

[8] Paradigm لە پۆلیتۆلۆژیدا بەمانای سەرجەم بنەما ناسراوەکان و رێکارەکانە کە واقیعی سیاسی پێشاندەدات. ویکیپێدیا -.وەرگێر.

[9] Clima continentale

هاتووچوو بۆ دەڤەرە شاخاوییەکان ئاستەنگ دەکات و وڵات یەکڕاست دەکاتە قەڵایەک کە بە ئاسانی و بە هێزێکی کەم بەرەنگاری لێدەکرێ و کارایی هێزە هەوایی و ویشکانیەکان دژوار دەکات.

لەکەنار نیشانە گشتییە ئاساییەکانی ژیئۆستڕاتێژیکیدا، هێندێک جیاوازیی چەشنی و تایبەتی بەدیدەکرێن کە تایبەتمەندیی شوێنەکان بەرجەستە دەکەنەوە. جگە لەمەش، لە ناوچەی مەزندا هێندێکجار پێویست دەکات ناوچەگەلی بچۆکتری لێ جیابکرێتەوە، بەپێی ئەو روخسارە جیاکەرەوانەیەی ئەم "ژێرناوچانە" هەیانە. واتە گەلێک ناوچە و یان بەشگەلێک لە ناوچەکان، فرە پێکهاتەیین و بەپێی پێوەرەکانی ئێتنیکی، کولتووری-مێژویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی-ئابووری و یان سیاسی لەگەڵ یەکتر جیاوازی پەیدا دەکەن.

کوردستان نموونەیەکی بەرچاوی ناوچەیەکی فرە پێکهاتەی لەم چەشنەیە کە لەرووی سیاسییەوە (بەپێی ئەو وڵاتانەی پێی لکێندراوە) چوار پارچەیە، سێ پارچەی سەرەکی کوردستانەکانی تورکیا، ئێران، عێراق لەگەڵ ناوچەی بچۆکی کوردستانی سووریا کە زۆرجار بە بەشێک لە کوردستان تورکیا دادەنرێ. دەکری کوردستان بەپێی پێوەری زاراوەیی -کولتووری دابەش بکەین، واتە لەسەر بنەمای بەرفراوانی بەکارهێنانی زمان و دەستە زاراوەکان و هەروەها ئایینەوە (ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری کورد پەیرەوی ئیسلامی سونەن).

لە ناوچەی کورد دوو ژێرناوچەی سەرەکی زاراوەیی لێک جیا دەکرێنەوە، کوردی کرمانجی (یان ژووریی لە کوردستانەکانی تورکیا، سووریا و باکووری کوردستانی عێراق و باکووری رۆژاوای کوردستانی

ئێران) و کوردی سۆرانی (یان زێریی لە باشووری کوردستانی ئێران و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق). زمانگەلێک بۆ وێژەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای زاراوەی هەریەک لەو ناوچانە پێکهاتوون، لە تورکیا بە ئەلفوبێی لاتین و لە سووریا، ئێران و عێراق بە ئەلفوبێی عەڕەبی و کوردە کۆچکردووکانی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت بە ئەلفوبێی سیرلیک دەنووسن. جگە لەمەش، لە کوردستان زمانگەلێک بەسەربەخۆیی و لەنێو کۆمەڵگا ئێتنیکییە "ئێنکلاو"[10]ەکانی کورددا هەر ماونەتەوە و نەریتێکی وێژەییان بۆخۆیان پێکهێناوە. وەک [زاراوەی] "دیملی" ("دومێلی") بە ئەلفوبێی لاتین، واتە زمانی ئاخاڤتنی کوردانی زازا کە لە ناوچەی مێژوویی دێرسم لەرۆژهەڵاتی تورکیا دەژین و نزیکە لە "گۆرانی" (بە ئەلفوبێی عەڕەبی) کە کوردانی کرمانشان (باشووری رۆژاوای ئێران) پێی دەدووێن. هێندێک زاراوەی دیکەش دەبیندرێن کە خاوەن "وێژە" نیین و ناکرێ وەک زمانێکی سەربەخۆ پێناسەی بکرێن. بەڵام ئەم رەنگاورەنگییەی کە لە زمانەکاندا و دیارە لەرووی زاراوەکانیشەوە هەیە، نابێتە بنەمایەک بۆ پارچەکردنی کوردستان، چونکو ئەو هەمەرەنگییە زمانییە تەنیا پێشاندەری ستوکتورێکی تایبەتییە لە رەوتی پێکهاتن و گەشەسەندی زمانی نەتەوەیی کوردی لەو ناوچانەی تورکیا. ئێران، سووریا و عێراق و هێندێک وڵاتی دیکە و "ئێنکلاو" لە رۆژهەڵاتی نزیک و ئەوپەڕی قافقاز کە زۆربەی هەرە زۆری ئاپۆرای کوردیان لەخۆ گرتووە، واتە ناتوانن نەخشی سیاسی سەربەخۆ لەم ناوچانە بگێڕن. دەکری هەر ئەوەش

---

[10] Enklave پڕوانە ژێرنووسی ٣. -.وەرگێر.

سەبارەت بە کوردانی شیعە ("فەیلییەکان") لە عێراق و لە ئێرانیش بلێین کە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ هەژماری کوردانی سونە، دەبنە کەمایەتی. مخابن ئەوانەی باسکرا لە نێوان گرۆپە ئێتنیکییە جیاوازەکانی کورددا نەبوونەتە هۆی لێک تێنەگەیشتن یان پێشگرتن لە پەیوەندییە قوڵە کولتووری و پیشەییەکانیان.

هەڵبەت ناکری بەتەواوی حاشای دابەشکاری و جیاوازیدانان لەسەر بنەمای ئایینی بکەین و ئەو پاشخانە سونە- ئیسلامییەی کە بە فەرمی لە کوردستان هەیە، نابێ راستی نەبوونی یەکگرتوویەکی واقیعی لە ژیانی ئایینی گەلی کورد بشارێتەوە. پێش هەموو شتێک، عەقلیەتی کورد لەگەڵ ئایینگەری ویشک و شێتانە بێگانەیە. لێرەدا ئەو مەتەلۆکەی تورکی پر بەپێستە کە "کورد تەنیا لەلای بێدینان مۆسڵمانە". نەکا بەو ئایینەی کە ئیزیدییەکان هەر لەسەرەتاوە هەڵگری بوون بڵێن ئایینگەرایی، کاتێک باوەڕێکی کەوناری فیرقەیەکی کوردی پەرشوبلاو لە تورکیا و عێراق و باشووری قافقاز کە دەق و دۆگمە[11] کۆنە داڕێژراوەکانیان سەرچاوەگەلی سینکێتیزمی[12] هەیە. هەر بۆیە ئیزیدیزم هەمیشە باوەڕێکی مارگیناڵی[13] بووە و هەر ئاوهاش دەمێنێتەوە. پەیرەوانی ئەو ئایینە بەشێوەیەکی رێژەیی زۆر نیین و ناکرێ ژمارەی تەواویان دیاری بکەین (بەپێی ئاماری فەرمی

---

[11] Dogma

[12] Syncretism تێکخستن و پێکخستنی دەق و بنەماکانی چەند ئایین لە یەک ئاییندا. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

[13] Marginal لەوشەی margo گیراوە، بەمانای لێوار، کەنار. ویکیپێدیا. -.وەرگێر.

نزیک ١٥٠ هەزار کەسن). ئێزیدییەکان بە لێکهەڵبڕاویی و لێکداپڕاویی لە هێندێک وڵاتی ڕۆژاوای ئاسیا بڵاوبوونەتەوە.

کوردستانی ئێتنیکی، سەرەڕای باڵادەستی سونەی توندڕەو، لەرووی ئایینیەوە بەشێوەیەکی گشتی فرەچەشنە و چەندها شێوازی موسڵمانیەتیی تێدا بەربڵاوە. وەک، فیرقەی جوراجورەکانی ئیسلامی، دەستەگەلی دەروێشەکان (قادری و نەقشبەندی و هتد.) کە لەلایەن شێخەکان، هاوکات ڕێبەرانی کاریزماتیکی هۆزەکان و کەسایەتییە ئایینییەکانی هەڵگری مەیلی خۆجیاکەرەوانە لەوانی دیکە، ڕێبەری دەکرێن. پاشماوە بەهێزەکانی پارتیکولیاریزمی ئایینی و خێڵی-ئێتنیکی و نەریتیی کورد، ڕێگا نادات هیچ ژێرناوچەیەکی خۆسەری گرینگ لە ناوچەی کورد جیابکرێتەوە، جگە لەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد و پەیوەندیی بە دابەشکاری وڵاتانەوە هەیە.

کەوابوو، بەهۆی ئەو بەستێنە داڕێژراوە ئێتنیکییەی کە کورد هەیەتی، هیچ پێوەرێکی دیکەی ئایینی و زمانی ناتوانن ببێنە هۆکاری بەرچاو بۆ دابەشکردنی کوردستان بە چەند بەشی جیاواز لەیەکتر. پرسی سەرەکی بریتییە لە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییە هەرە گشتی و دیارکەرەوانەی گەشەی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و کولتووری ناوچەی کوردستان کە ئەو ناوچەیە لە ناوچەکانی دیکە و پێش هەمووشیان لە تەواوی ناوچە کەنارییەکانی دەوروبەری جیادەکاتەوە.

لێرەدا لەپلەی یەکەم بێگۆمان دەبێ بیسەلمێنین کە کورد و گەلانی دیکەی کە لێی نزیکن و بەیەکەوە ژیاون و ئێستاش لە خاکی ناوچەی

هەنووکەیی کوردستاندا نیشتەجێن، چارەنووسێکی مێژوویی هاوبەش و لەزۆر بواراندا هاوشێوەیان بەیەکەوە هەبووە. ئەو چارەنووسە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی فرە کۆنی دەسپێکی "رەوتی گەشەی ئێتنیکی"[14] و گشت قۆناخەکانی دوواتری گەشەی مێژوویی، و تا دەسپێکی پێکهاتنی نەتەوەی کوردیش درێژە دەکێشێ. تایبەتمەندیی ئەم رەوتە بریتییە لە هێدی بوون و بەسەرئەنجام نەگەیشتنی کە ئەوەش بۆ بارودۆخی مێژوویی نەگۆنجاو و پاشکەوتوویی بەرچاوی ئەو ناوچەیە لەچاو ناوچەکانی دیکەی جیهان دەگەڕێتەوە. هیچکام لە ئێتنۆسەکانی ناوچەکە ئەو ئاستە پێویستە لە یەکگرتوویی نەتەوەییان وەدەست نەهێناوە تاکو ئەو ناوچەیەی تێیدا بڵاون بە بنکە و لانکەی نەتەوەیی خۆیان بزانن و ئیدعای یاسایی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانی پێ بکەن. تەنانەت ئەو ئێتنۆسانەی کە دوواتر بە ناوی "Titular nation"[15] ناسراون (تورکی-عۆسمانی، فارس، ئازەربایجانی، تورکمەن و هتد.) و لەڕاستیدا قۆناخی یەکگرتوویی خێڵایەتییان تازە تەواوکردبوو و شێوازی ژیانی یەکجێنشینییان[16] دەست پێدەکرد. دیارە ئەوە کورد و لۆری نزیک لە کورد و هەروەها بەختیارییەکان و هۆزەکانی دیکەش دەگرێتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئێران پێکدێنن. دەتوانین هەموو ئەوانە

---

[14] Ethnogenesis بریتییە لە رەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای ئێتنیکی یەک ئێتنۆس (Ethnos) لەسەر بنەمای پێکهاتە ئێتنیکییە جیاوازەکان. ویکیپێدیا -. وەرگێر.

[15] Titual nation بەشێک لە دانیشتووانی وڵاتێک کە ناوەکەیان، ناوی هەمان وڵات پێکدێنی. ویکیپێدیا -.وەرگێر.

[16] Sedentism

به نەتەوەگەلێک هەڵسەنگێنین کە لەقۆناخی دامەزراندنی دەوڵەتدا بوون بەڵام بەو هۆیەی کە گەشەی سیاسی-کۆمەڵایەتی و کولتووریان لە ئاستی پێویستدا نەبوو، نەیانتوانی بەو مەبەستە بگەن. ناوچەکە پاشکەوتوو بوو، بۆیە لەسەر ژێرخانی ئێتنۆکولتووری و ئێتنۆزمانی کوردیدا بنەما سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی پێویست بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە بناخەیەکی ئابووری-کۆمەڵایەتیی خۆماڵی پێکنەهات. کەوابوو، ماوەیەکی دوور و درێژ بنەمایەک نەبوو بۆ سازدان و هەڵکشانی بزووتنەوەیەکی بەرفراوان و کارای نەتەوایەتی و رزگاریخوازانەی کورد لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوودا. سەرەڕای ئەمانەش، کوردستان هەمیشە یەکێک بوو لە ناوچە ئاڵۆز و هەر کێشەلەسەرەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و هەر واش دەمێنێتەوە، چونکو گەلی کورد هەرگیز لەبەرامبەر ستەمکاراندا چۆکی دانەداوە و ئەوینداری بۆ ئازادی، تایبەتمەندی سەرەکی عەقڵیەتی نەتەوەیی هەموو کوردانی پێکهێناوە.